ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
40
25 ی تەمووز/ جولای 2022

## هێرش و پەلاماری دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بۆ سەر هاوڵاتیانی سیڤیل ڕسوا و سەرکۆنە دەکەین!

بەیاننامەی حزب سەبارەت بە تۆپبارانی سەیرانگای پەرەخی ... لاپەرە ٨



## کۆبونەوەی تاران و کۆبونەوەی جەددە!

موحسین کەریم

کۆبوونەوەی تاران و کۆبونەوەی جەددە جارێکی دیکە بایەخی رۆژهەلاتی ناوەراست و ناوچەی کەنداوی وەکو ناوچەیەکی ستراتیژی گرنگ لە جوگرافیای سیاسی جیهان و ناوەندێکی کاریگەری یەکلاکردنەوەی هاوسەنگی لە ململانێی نێوان هێزو دەوڵەتانی زلهێز لە پرۆسەی شکلگرتنی جەمسەرە جیهانیەکاندا، تەئکیدلێکردەوە.

کۆبونەوەی سێقۆلیی پۆتین لەگەڵ سەرۆکی ئێران و تورکیا، وەکو دوو دەوڵەتی گرنگی ناوچەکەو دوو هێزی هەرێمی، کە خۆشیان بەرژەوەندی دژ بەیەک و ناکۆکیان هەیە، لەلایەک و کۆبونەوەی بایدن لەگەڵ مەلیک و ئەمیرەکانی سعودیەو وولاتانی کەنداو، کە تا رادەیەک وەکو هێزێکی ناوچەیی خاوەن بەشێکی گەورەی ووزە، لە نەخشەی وزەی دنیادا جێگایان گرتوە، ئەو بۆچوونەی سەرەوە پشتراست دەکاتەوە.

ریزبەندیە کۆنەکانی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست، ئیتر ئەو تەنها فاکتەرە نیە کە پێکهاتەو بلۆکبەندی سیاسی و پێگەی ئابوری ناوچەکە دیاری دەکات. گۆڕانکاریە جیهانیەکان لەماوەی نزیک بەیەک دەیەی رابردوو بەشێوەیەکی گشتی، قەیرانی کۆرۆناو و بەم دواییانەش جەنگ لە ئۆکرانیا،راستەوخۆ کاریگەری چارەنوسسازی دەبێت لەسەر رەوتی رووداوەکان و جەمسەرگیری و دابەشبوونە سیاسیەکان و پێکهاتەو ئایندەی دەسەلاتەکان و پێگەیان لە نەخشەی سیاسی- ئابوری و بگرە سەربازی دنیادا.

بۆ لاپەرە ٢



## چارەنوسی هەڵبژاردن لە هەرێم!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەرە ٣



## کاردانەوەی توندی بەغدا و نەرمی هەولێر!

لە پەیوەند بە هێرشەکەی تورکیاوە

عەبدوڵا مەحمود

بۆ لاپەرە ٥



## ئایا جۆبایدن لەسەفەرەکەیدا سەرکەوتو بوو؟

مستەفا باهیر

بۆ لاپەرە ٦



## ئەم یان ئەو!
## بێدەنگی ماناداری کوردایەتی لەبارەی کوشتارەکەی تورکیاوە!

ئیبراهیم حسین

بۆ لاپەرە ٩

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی... کۆبونەوەی تاران و کۆبونەوەی جەددە!

لە هەلومەرجێکی لەوجۆرەدا کە جیهانی سەرمایەداری لەسەر لێواری دوبارە سازدانەوەو پێناسەکردنەوەی خۆیدایە، هەژمونی تاقانەی ئەمریکا و نیزامی نوێی جیهان لەناو ناکۆکیە بونیادیەکانی خۆیدا بەرەو لاوازی و پوکانەوە چووە، یەکێتی ئەوروپا خەریکە لەژێرباری براگەورەیی ئەمریکا دەردەچێت، روسیاش دەورانی شکستی دوای روخانی بلۆکی رۆژهەڵاتی، لانی کەم لە بواری سیاسی و سەربازیدا، قەرەبوو کردۆتەوە، لەم هەلومەرجەدا سەربەرزکردنەوەی چین و بەپلەی دوەمیش هیندستان وەکو دوو بلۆکی ئابوری بەهێز لەناو نەخشەی ئابوری دنیادا، کە گەشەو پەرەسەندنی ئابوریەکەیان پێویستی بە دابینکردنی سەرچاوەیەکی سەقامگرتووی ووزە هەیە، پێگەیەکی هەستیارتر دەدەن بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و بە تایبەتی کەنداو وەکو گرنگترین ناوچەی ووزە( بە پلەی سەرەکی نەوت و گاز).

هەوڵی ئەمریکا بۆ گەرانەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست، کە وادەردەکەوێ یەکێک بێت لە ئامانجەکانی سەردانەکەی (بایدن) بۆ ناوچەکەو بەشداریکردن لە لوتکەی "جەددە" لە سعودیە، لە بەشێکیدا بۆئەوەیە کە هەژموونی خۆی بەسەر ئەم ناوچە ستراتیژەی ووزەدا بەدەست بهێنێتەوە. ئەمریکا ، ئێستا سەرباری بەشداری لۆجستیکی لە شەری ئۆکرانیا لەگەڵ روسیادا، کە ئامانجەکەی پێشگرتنە بە دوبارە دەرکەوتنەوەی روسیا وەکو قوتبێکی سیاسی- سەربازی لە ئاستی جیهاندا، هاوکات و بە رادەیەکی زیاتر دەیەوێ دەستی چین لە گەیشتنی بە سەرچاوەی ووزە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و کەنداودا کورت بکاتەوە کە پێداویستیەکی حەیاتیە بۆ گەشەی سەرسورهێنەری ئابوریەکەی.

روسیاش کە جەنگی ئۆکرانیا وەکو نەشتەرگەریەکی سزاری سەیردەکات بۆ ئەوەی وەکو جەمسەرێکی سیاسی- سەربازی لەئاستی دنیادا دەربکەوێتەوە، کۆتایی بە هەژموونی ئەمریکا بهێنێ و پرۆسەی شکلگرتنی جیهانی فرەجەمسەری خێراتر بکات، ئەویش بەهەمان رادە رۆژهەڵاتی ناوەراست و کەنداوی بۆ گرنگە. کۆبونەوەی تاران ئەو ئامانجەی هەیە کە دوو هێزی ناوچەیی کاریگەر لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و کەنداودا لەپاڵ خۆی و بەرەی نەیاری ئەمریکادا کۆبکاتەوە. بەتایبەتی کە ئێستا هەریەکە لە سعودیەو وولاتانی کەنداویش پێویستیان بە فەراهەمکردنی ژینگەیەکی ئارامە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیەکانیان لە ناوچەکەدا، مەیلی سازکردنەوەی بارگرژیەکانیان لەگەڵ ئێراندا زیادی کردوە. دەکرێ ئەم مەسەلەیە ئومێدەکانی پوتین بۆ لاسەنگ کردنی دۆخەکە بەزیانی ئەمریکا زیاتر بکات.

لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا روسیا بەشێوەیەکی کاریگەر لە ناوچەکەدا ئامادەیی پەیداکردوە. بەهێزبوونی دەوری روسیا لە ناوچەکەدا هاوکات کۆمەک بە بەرژەوەندیە ئابوریەکانی چین دەکات کە ئێستا روسیا وەکو هاوپەیمانێکی ستراتیژی ئابوری- سیاسی خۆی تەماشای دەکات لە بەرامبەر ئەمریکادا. بێگومان چینیش بۆ وەستانەوە بەرووی ئەمریکادا کە ئێستا چین وەکو مەترسی سەرەکی لەسەر پێگەی ئابوری خۆی لە ئاستی جیهاندا دەبینێ، پێویستی بەو رۆڵە سیاسی و سەربازیەی روسیا لە ناوچەکەو بگرە لەئاستی دنیادا هەیە.

هەڵبەتە لەپاڵ ئەو پێگەیەی ناوچەکە کە ئاماژەمان پێکرد، مەسەلەیەکی دیکە دێتە ئاراوە، ئەویش بایەخی ئەم ناوچەیەیە وەکو بازارێکی فراوان بۆ وەبەرهێنانی سەرمایەی جیهانی و بەرهەمهێنان و ساغکردنەوەی کاڵاو بەهرەمەندبوون لە کاری هەرزان.

بەوجۆرە روداوەکانی رۆژانی رابردووی ناوچەکە دوبارە پێگەیەکی دیکەی پێبەخشیوە لە ململانێ جیهانیەکان و ئایندەی جەمسەرگیریە ئابوری و ئیمپریالیستیەکان کە نەخشەی سیاسی داهاتووی ناوچەکەش بەرەو ئاڵوگۆری جدی دەبات.

★

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : عوسمانی حاجی مارف
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: خەسرەو سایە
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
ڕێکخراوی دەرەوە: دەشتی جەمال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

# چارەنوسی هەڵبژاردن لە هەرێم!

عوسمانی حاجی مارف

پارتی و یەکێتی ئەوە ناشارنەوە، کە ناتوانن هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا ئەنجام بدەن. ئاماژەیەکی لابەلاش بەوە ئەدەن کە نەک ١-١٠-٢٠٢٢ هەڵبژاردنیان بۆ بەڕێ ناخرێ، بەڵکو ئەمساڵ کارێکیان بەسەر بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەوە نابێت. هەر بۆ ئەم پرۆسەیەش دەبینین کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان هیچ ئامادەکاریەکیان تائێستا نیشان نەداوەو سەرەتای هیچ کارێکیان دیار نییە و بێکار ماونەتەوە.

پاساوی پارتی و یەکێتی سەبارەت بە دواخستنی ئەم هەڵبژاردنە زیاتر دەیگەڕێننەوە بۆ ڕێکنەکەوتنی نێوان خۆیان. هەر لایەنێکیشیان ئەویتر بەکەمتەرخەم و نابەرپرس تاوانبار دەکات. هەڵبەتە نارێکی پەیوەندی نێوان پارتی و یەکێتی بۆ خۆی مەسەلەیەکە، چونکە دوو هێزی سەرەکین لە پێکهێنانی دەسەڵات لە هەرێمدا. بەڵام ناسینەوەی کێشەی دواخستنی ئەم هەڵبژاردنە واوەترە لە دانیشتن و دانوسان و ڕێکەوتنی نێوان هەردوو لایان. بۆیە پێویست دەکات هۆکارەکانی دواکەوتنی ئەم هەڵبژاردنە بناسین کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی قوڵی سیاسی ناوچەکەو عێراق و کوردستان و ئەو ئاڵوگۆڕانەی پێشهاتون، لە قوڵبوونەوەی زیاتریئەو گێژاو و ناسەقامگیری سیاسیەی چەندین ساڵە دۆخی سیاسی ناوچەکەی لە قاڵبداوە. یانی بە مانایەک ئەم دوو هێزە میلیشیایە بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی هێزەکانیان، لە ئێستادا ناتوانن بەردەوامی بەو شێوازانەی پێشوو بدەن، کە ناویان نابوو ڕێکەوتنی ستراتیژی، یان حکومەتی بنکەفراوان و پاراستنی یەکریزی کورد..هتد. چونکە ئەو ئاڵوگۆڕە جیهانی و ناوچەییانەو قەیرانی قوڵ لەپرسی پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا پارتی و یەکێتی خستۆتە بەردەم چارەنوسیکەوە، ئاسان نییە بتوانن بە چەند گفتوگۆو دانوسانێک بگەنە ڕێکەوتنێکی دیاریکراوو پەسەندکراو تا جێگای ڕەزامەندی هەردوولایان بێت.بزووتنەوەی کوردایەتی لەبەردەم مامەڵەو گەمەیەکی هەستیارو مەترسیدارو چارەنوسسازدایە، کە بابەتەکە بە ڕێکەوتن لەسەر چۆنیەتی بەڕێکردنی هەڵبژاردن کۆتایی نایەت، چونکە بۆخۆشیان ئەوە زۆرباش دەزانن، کە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان ناتوانێت وەڵامێک بێت بۆ ئەو گرفت و کێشانەی لە بەرانبەریدا دەستەوەستان ماوون. ئاستی گرفت و کێشەکانیان لە چوارچێوەی هەلومەرجێکی سیاسی وەهادایە، کە لە چاوەڕوانیدا قەتیسی کردووە و ناتوانن بڕیارێکی یەکلاییکەرەوە بدەن، چونکە لەم دۆخی چاوەڕوانیەدا هەر بڕیارێک بەناوی ڕێکەوتنەوە بدەن،مامەڵەو گەمەکانیان بەتایبەتی لەم هەڵبژاردنەدا لەدۆخێکی وەها هەستیاردایە،کاریگەری جددی لەسەر ئاستی هاوسەنگی هێزەکانیان دەبێت، کە ناتوانن دیاری بکەن بە قازانجی کاملایان دەبێت.

ئەوەی پێویستە قسەی لەسەر بکەین ئەو ئاڵوگۆڕانەیە کە دۆخێکی تری لە دەورانی سی ساڵی دەسەڵاتی میلیشیایی پارتی و یەکێتی بەدوای خۆیدا هێناوە، کە پێگەو دەوریان لەسەر لێواری جۆرێک لە بنبەست و دارماندایە:

یەکەم/ شکست و پاشەکشەی دەوڵەتی ئەمریکا وەک تاکە جەمسەرێک لە ناوچەکەدا، یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کاریگەری دانالەسەر بەدیهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕو پێشهاتە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە ناوچەکەی خستە دەورانێکی ترەوە. چڕبونەوەی ململانێ و کێشمەکێشی وڵاتانی زلهێزی دنیا و وڵاتانی ناوچەکەی بەدوای خۆیدا هێناوە، بەتایبەتی خستنەسەرپشتی دەرگای دەخالەتکردنی زیاتری ئێران و تورکیاله عێراق و کوردستاندا. هەر ئەم واقعە شێوازێکی تری بەخشی بە ئالوگۆڕ لە دەورو پێگەی پارتی و یەکێتی و پەیوەندیدیان بە بەغداوە، چونکە ئەو دەورانە تێپەری کە بتوانن پاشکۆبوونی سیاسەتەکانیان تەنها ببەستەوە بە نەخشەو دەوری سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکاوە. واتە لەبەرانبەر ناسەقامگیری سیاسی و ناسەقامگیری پێگەی خۆیاندا گیریان کردووە. هەرجارەی بە گرفتی کێشمەکێشی نێوان وڵاتانی زلهێزی دنیا و وڵاتانی ناوچەکەوە دەناڵێنن. گرفتی هەڵبژاردنیش درێژکراوەی هەمان ئەو دۆخەیە. نارۆشنن لەسەر ئەوەی بەرەو چ ئاراستەیەکی دەبەن. پارتی و یەکێتی بە ئاشکرا ڕایدەگەیەنن و دەڵێن(هیچ ڕێککەوتنێک نییە لەنێوانماندا)، دواتریش لەسەر چی ڕێکدەکەون، نەزانراوە!

دووەم/ نەخشەو سیاسەتەکانی یەکێتی و پارتی، کە پێشتر لەپەیوەند بە ستراتیژی ئەمریکاوە توانیان داگیرکاری و تاڵانچێتی لە کوردستان بەدەستبهێنن و ببوونە بەرگریکەری سەرسەختی یەکگرتوویی خاکی عێراق،هەروەها خۆیان کردە هاوچارەنووسی پێکهاتەو ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا، ئێستا کە قەیرانێکی بەرفراوان دۆخی عێراق و پێکهێنانی حکومەتی داگرتووە، پارتی و یەکێتیش بوونەتە هاوچارەنوسی هەمان ئەو قەیران و گێژاوەی حکومەتی عێراقی تێیدا چەقیوە. لەهەمانکاتدا کاریگەری لەسەر نارۆشنی هەڵبژاردنی هەرێم و پەیوەندی نێوان هێزە

میلیشیاو سیاسیەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و ئیسلامیەکانیش داناوە. هەربۆیە هەڵبژاردنی کوردستان لە چاوەڕوانی یەکلایبوونەوەی دۆخی بەغدا و پێکهێنانی حکومەتەکەیدایە، چونکە لە ئێستادا شتێکی وەها دیار نییە، کە ئاخۆ چی بە قازانجی پارتی یان یەکێتی دەبێت.

سێیەم/ درێژەکێشانی شەڕی ئۆکرانیا جگە لەوەی کاریگەری لەسەر هەلومەرجی سیاسی جیهان هەیەو شەڕی نێوان جەمسەرە ئیمپریالیەکانە، ڕاستەخۆ کاریگەری جددیشی لەسەر یەکلاییبونەوەی ئایندەی هەلومەرجی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش داناوە. سەردانەکانی بایدن و بۆتین بۆ ئەم ناوچەیە و دانوسانەکانیان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە ئامانجی بەستنەوەی چارەنوسی ئەم ناوچەیەیە، بە کێشمەکێش و جەنگی نێوانیانەوە، لەم نێوەدا جێگاو ڕێگاو پێگەیەکی بۆ پارتی و یەکێتی نەهێشتۆتەوە. بەجۆرێکە، کەبوونەتە پاشکۆی ڕووداوەکان و دەکەونە بەر ڕەحمەتی چۆنیەتی و پێداویستیەکانی یەکلایبوونەوەی بەرژەوەندی وڵاتانی زلهێزی دنیا و وڵاتانی ناوچەکەوە، بەتایبەتی تورکیا و ئێران و سعودیە. بۆیە لەئێستادا پارتی و یەکێتی ئەوەیان پێباشترە جارێ هیچ جۆرە ڕێکەوتنێک نەکەن و لە چاوەڕوانیدا بمێننەوەو ئەوە بۆیان گونجاو ترە! هەر هەنگاوو ڕێکەوتنێک قومارێکە نازانرێ کێ براوە دەبێت. بۆیە خۆبەستنەوەیان بە ڕێکەوتن لەسەر هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان دەچێتە چوارچێوەی قومارێکەوە شانس دەور دەبینێت.

چوارەم/ قوماری هەڵبژاردنیش لەکاتێکدا، کە توڕەیی و ناڕەزایەتیەکی بەرفراوانی جەماوەری یەخەی پێگرتوون، هەر لەسەرەتاوە شکستی پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕێنەکەوتنی لایەنەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت دەکاتە کارێکی حەتمی و دەکەونە ناو قەیرانێکی قوڵترەوە. ئەمەش هۆکارێکی جددیە، کە لەئێستادا باس لەدواخستنی هەڵبژاردن بکەن. پارتی و یەکێتی تا ئەوکاتەی هەلومەرجی سیاسی عێراق و ناوچەکە بەلایەکدا دەکەوێت، بەمانای حساباتێک لەنێوان کێشمەکێش و دەخالەتێک وڵاتانی زلهێزی دنیاو ناوچەکە بە شوێنێک دەگەن، ناچارن خۆیان نەخەنە ناو گێژاوی هەڵبژاردنێکەوە، کە ئەوسەرەکەی لەناو جەنجاڵی ئەم کێشمەکێشەی ئێستادا دیارنییە. ناشیانەوێت بە ناوی هەڵبژاردنەوە لەم دۆخە هەستیارەدا زیاتر جەماوەری ناڕازی لە خۆیان توڕەتر بکەن.

هەروەها لەلایەکی تریشەوە بەشێک لەو لایەنانەی بەناوی ئۆپۆزیسێونەوە دەیانەوێت لەم فرسەتەدا کورسی زیاتر بەدەست بهێنن، پێیان باشە بەزوویی هەڵبژاردن دەستپێبکات وسوود لەم قەیرانە بۆ زیاترکردنی کورسیەکانیان وەربگرن. هەڵبەتە گەر هەڵبژاردن بکرێت،ڕەنگە لایەنێکی وەک نەوەی نوێ ژمارەی کورسیەکانی زیاد بکات، هەربۆیە کەسانێکی هەلپەرست، سەنگەری هەڵسورانی سیاسیان لە گۆڕانەوە دەگوێزنەوە بۆ نەوەی نوێ. ئەوەی جێگای باسە زیادبوونی کورسیەکانی نەوەی نوێ هیچ کاریگەریەکی لەسەر پێکهاتەی دەسەڵات و چارەنووسی هەلومەرجی سیاسی کوردستان نابێت، تەنها ڕوکارێکە لەناو گۆماوی کاریکاتۆری هەڵبژاردن و پەرلەماندا مەلە دەکات.

پێویستە ئەوە بڵێم، کە گرنگ نیە کەی هەڵبژاردن دەکرێت و چۆن کێشەکان لە ناو کێشمەکێشی بەرژەوەندی وڵاتان و هێزە سیاسیەکاندا بە قازانجی هاوسەنگی هێزی پارتی یان یەکێتی یەکلایی دەبێتەوە،. گرنگ دۆخی ژیان و گوزەرانی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش و کەمدەرامەت و هەژاری کوردستانە، کە نە بۆ پارتی و نە بۆ یەکێتی و نە ئۆپوزیسیۆنەکەشیان جێگای بایەخیان نەبووەو نییە. هەڵبژاردن بکرێت یان نەکرێت، پارتی و یەکێتی دەسەلاتی میلیشیایی ڕەهایان هەیە. کابوسن بەسەر ژیان و چارەنوسی خەڵکەوە. هەڵبژاردن و پەرلەمان هیچ ناگۆڕێت. ئەم کابوسە دەبێت بەهێزی ناڕەزایەتی جەماوەری کۆتایی پێبهێنرێت. هەرچاوەڕوانیەک لە هەر هێزێک لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتی ئەم سیستمە کابوسەدا گەمەی سیاسی بە ناوی هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە دەکات، کارێکی خۆکوژیەو ئەو فرسەتە دوور دەخاتەوە، کە دەمانەوێت ئایندەیەکی ڕۆشن بۆ خۆمان و نەوەکانی داهاتوو دابین بکەین و ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی لە ژیان و گوزەران و لە ماف و ئازادیەکانماندا و لەشێوازی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا بەدی بهێنین.

★

**حکومەت و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی شکستی خۆی ڕاگەیاندووە مانەوەی تەنها کارەساتەکانی ژیانی خەڵک زیاتر دەکات! کاتی ئەوە هاتوە خەڵک خۆتان بڕیاری کۆتایی بدەن و شێوازی ژیان و ئایندەی خۆتان دەستنیشان بکەن. سیاسەتبازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دۆستی درۆینەی ئێوەن و کاریان پاراستنی دۆخی ئێستایە لە زەبری توڕەیی و شۆڕشی ئێوە بەناوی دژایەتیکردنی ئەو دەسەڵاتەو حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە!**

# کاردانەوەی توندی بەغدا و نەرمی هەولێر!

## لە پەیوەند بە هێرشەکەی تورکیاوە

عەبدوڵا مەحموود

هێرشی ٢٠ تەموزی تورکیا بۆسەر ناوچەیەکی گەشتیاری لە سنوری زاخۆ، کاردانەوەیەکی خێرای لە ئاستی فەرمی و جەماوەریدا، بەدوای خۆیدا هێنا. هۆکاری ئەم کاردانەوە خێرایەش ئەوە بوو ئەگەر پێشوتر ناوبەناو دەوڵەتی تورکیا هێرش و ئۆپەراسیۆنی لەسەر سنورەکان دەکرد، ئەوا لەو ماوانەی دوایدا ئۆپەراسیۆنەکان نەک تەنها لە سنورەکان، بەڵکو لەقوڵایی کوردستاندا ئەنجام دەدات و بێپسانەوە بەردەوامی هەیە. وە ئەگەر پێشوتر هێرشەکانی بۆسەر ئەو ناوچانە بوو کە پاساوەکەی بوونی چەکدارانی پەکەکە بوو، ئەوا ئەمجارە هێرشەکەی بۆسەر ناوچەیەکی گەشتیاری بوو کە پاساوی بوونی چەکدارانی پەکەکەی نەبوو. جیا لەوانەش ئەمجارە قوربانیانی هێرشەکە هاوڵاتیانی مەدەنی و گەشتیار بوون کە نەک بەتەنها کوردستانی، بەڵکو زوربەی هەرەزۆریان، هاوڵاتیانی عێراقی بوون.

کاردانەوەی جەماوەری لەسەر ئاستی عێراقدا، بەدیاریکراوی لەخوارو و ناوەراستدا بۆ قوربانیانی ئەم رووداوە، لەهێنانەخوارەوەی ئاڵای تورکیا لەسەر سەفارەتخانەکان، بنکەکانی پێدانی ڤیزا و داواکاری خەڵک بۆ کۆتاییهێنان بە پەیوەندی و ڕێکەوتننامەی ئەمنی نێوان عێراق و تورکیا، قەرەبووکردنەوەی خێرای هاوڵاتیانی گیانبەختکردوو... هێندە خێراو بەهێز بوو، کە زۆر زوو هێزو لایەنە سیاسییە عێراقیەکانی ناچارکرد، کاردانەوەی فەرمی نیشان بدەن، تا لەو ڕێگایەوە خۆیان لەگەڵ تورەیی جەماوەریدا جوت بکەن و هەیمەنەی روولەسەری عێراقیش نیشان بدەن. سکاڵا تۆمارکردن لە ئەنجومەنی ئاسایش، داواکاری لە تورکیا کە بەفەرمی داوای لێبوردن بکات، پێشنیاری راگرتنی مامەڵەی ئابوری لەگەڵ تورکیا، چاوخشاندنەوە بە ڕیکەوتنە ئەمنیەکان، تا دەگات بەداواکاری چونەدەرەوەی بنکەو بارەگا سەربازی و هەواڵگرییەکانی تورکیا...تاد، کاردانەوەی عێراق بوون، کە لە سێ دەهەی رابردوودا بۆ یەکەمین جار بوو پەیوەندی نێوان تورکیا و عێراق بەو ئاستە گرژی تێ بکەوێت.

ئەم کاردانەوەیە لەسەر ئاستی شەقام و جەماوەرییدا لە ئاستی عێراق و ناچارکردنی لایەنی فەرمی و حکومی و سیاسییەکان، بە هەڵویستگرتن، بۆ یەکەمین جار دەسەڵاتی سیاسی بۆرژوازی کوردی ناچار کرد، کەمێک واوەتر لە جاران، ڕاسانێک لەخۆیان نیشان بدەن و دەنگیان کەمێک بەرزتر بێت. بەڵام راسان و دەنگ بەرزکردنەوەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بەتایبەتیش یەکێتی و پارتی لە بنەرەتدا لەلایەکەوە بۆ خۆجوتکردن بوو لەگەڵ دەنگی ئیدانەکانی بەغداد، و لەلایەکی تریشەوە کەوتە ژێر گوشار و نەفرەتی جەماوەری لە شەقامدا نەک، ڕەتکردنەوەی ملهوری تورکیا و دەستێوەردانەکانی. بەتایبەتی پارتی و یەکێتی لەو ئیدانەو دەنگ هەڵبڕینەیدا هێندەی پەکەکەی بە هۆکاری هێرشی تورکیا بۆسەر سنورەکان و دەستێوەردان لە دۆخی عیراق و کوردستاندا دەزانێ، نیو ئەوەندە دەوڵەتی تورکیا وەکو قوتب و دەوڵەتێکی پاوانخواز و ملهور تەماشا ناکات. ئیدانەی بوونی پەکەکە دەکات، بەڵام ئامادە نییە لە بەرامبەر بە ملهوری بەردەوام و دەستدرێژییەکانی بەردەوامی تورکیادا، بێتە دەنگ و ئیدانەیەکی جدی و فەرمی بکات و خواستی کۆتاییهێنان بە دەستێوەردان و ملهورییە بەردەوامەکانی بەدەستەوە بگرێت. نەک هەر ئەوە، بەڵکو ڕێگا بە هەڵسوڕاوان و چالاکوان و لایەنە سیاسیەکانیش نادات کۆبونەوەی ناڕەزایەتی بەدژی تورکیا و سیاسەتە ملهورانەکانیدا بکەن و لە جێگای ئەوە هەڵسوڕاوانیان بە پاساوی نەبوونی مۆڵەتەوە دەستگیر دەکات.

بۆرژوازی کورد چ وەکو بزوتنەوەو حزب لەدەسەڵاتدا و چ وەکو ئۆپۆزیسیۆن و نووسەر و کاراکتەری سیاسییەکانی، نیگەرانی دەنگ هەڵبڕینی جەماوەری و کاردانەوەی شەقامی عێراقی بوون، نەک نیگەرانی ملهوری تورکیا و ئەو هەموو قوربانیانەی بەهۆی تۆپبارانی تورکیاوە، روویدا.

ئەو مامەڵەیەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، جارێکی تر ئەو راستیەی خستەوە روو، کە بزوتنەوەی کوردایەتی بەبێ نۆکەرپیشەیی و بەبێ خۆبەستنەوە بە وڵاتانی ناوچەکەوە توانای هەناسەدانی نییە. هەر ئەو هۆکارەشە کە هەمیشە دەسەڵاتی شلۆقی لەبەردەم غەزەبی ئەو دەوڵەتانەدا ڕاگرتووە. ئەگەر عێراق وەکو دەوڵەت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا خاوەنی پێگەی بەفەرمی ناسراوە و خاوەنی سەروەرییەکی یاسایی و حقوقی و نێودەوڵەتییە، و لەهەر دەنگ هەڵبرین و هەڵوێستەیەکیدا، تا ڕادەیەک دەتوانێت پشتیوانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت، ئەوا کوردستانی عێراق، و قەوارەی سیاسی هەرێم، لە ئاستی دنیادا خاوەنی دانپیانانێکی نێودەوڵەتی نییەو ناتوانێت، لە پشتیوانی حقوقی و یاسایی بەهرەمەند بێت و ئەگەر هاوسۆزیەک لەلایەن دەوڵەتێکەوە نیشان بدرێت تەنها رووی سیاسی

و کاتی هەیە. بەڵام ئەوە هەرگیز بە مانای ئەوە نییە کە دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بێدەنگە هەڵبژێرێت. لەوەش زیاتر خۆبەستنەوەی بە وڵاتانی ناوچەکەوە نەک کۆمەک بە پرسی سیاسی کوردستان و تەنانەت قەوارەی سیاسی هەرێم ناکات، بەڵکو سایەی دارمانی ئەو دەسەڵاتە لەلایەن خودی ئەو دەوڵەتانەوە دەکاتە کابوسێکی بەردەوام.

دەوڵەتی عێراق، لەگەڵ ئەوەدا حکومەتی لاوازە و دەسەڵاتی سیاسی تیایدا قوتبی نەبۆتەوە و دەستێوەردانی وڵاتەکانیش بەپلەی یەکەم ریشەی لەلاوازی دەسەڵاتی بەغدادایە، بەڵام خاوەنی قەوارەیەکی دەوڵەتی دانپیانراوە بە ناسنامەی حقوقی خۆیەوە. کاردانەوەی خێرای ئەمجارەی دەوڵەتی عێراق هەر پەیامێکی توند بە تورکیا نەبوو، بەڵکو پەیامێک بوو بە دەسەڵاتی بۆژوازی کوردیش، کە خاوەنی بریاری سیاسی و ئەمنی یەکلاکەرەوە، هێشتا بەغدایە. هەروەها بۆرژوازی عێراقی کەیسی کوشتاری هاوڵاتیانی مەدەنی بەدەستەوە گرت، تا وەکو گوشارێک لە ململانێی خۆی لەگەڵ تورکیادا لەسەر پرسی ئاو و کیشەکانی تردا بەدەستیەوە بگرێت، هاوکات لایەنەکانی سەر بەئێران لە عێراقدا، ئەجندای ئێران بەدەستەوە دەگرن و لەوچوارچێوەیەشدا رۆڵی بەوەکالەت بۆ ئێران لە بەرامبەر بە تورکیادا وەکو قوتبێکی ناوچەیی دەگێرن. جیا لەهەموو ئەوانە بۆرژوازی لە عێراقدا سەرباری ناتەبایی و کیشەی ناو باڵەکانی، لەهەوڵی ئەوەدایە لە پرۆسیسێکدا دەسەڵاتی سیاسی خۆی قوتبی بکاتەوە و پرسی سیاسی کوردستانیش، لە چوارچێوەیەکی تازەدا پێناسە بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش پێویستی بە مانۆر و هەرەشەو ریکاری و هەڵوەراندنی فرمێسکە لەژێر ناوی بەرگری لە "سەروەری عێراق، لە بەرامبەر بە هەرەشەی دەرەکی"دا. بەتایبەتی کە خواستی چونەدەرەوەی بنکەو بارەگا سەربازی و هەواڵگریی و سیخورییەکانی تورکیا و هاوکات ئێرانیش خواستێکی جەماوەرییە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستاندا. بۆرژوازی کورد لەگەڵ ئەوەدا قیبلەی بەرەو بەغدا وەرگێراوە، بەڵام بەو پێیەی کە مایەدانان لەسەر ناکۆکی و ململانێی وڵاتەکان، بە رێگایەک بۆ مانەوەی خۆی دەزانێت، ناتوانێت دەستبەرداری خۆشخزمەتی و پشتکردن بە وڵاتەکانی ناوچەکە بێت. ئەمەش لەدوائاکامدا نەک خزمەت بە خەڵکی کوردستان ناکات و ئایندە سیاسیەکەی بەرەو ئاڵۆزتر دەبات، بەڵکو دوبارە قوربانیەکانی خەڵکی کوردستان دەبن. پرسی راماڵینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، جێگرتنەوەی بەدەسەڵاتێکی پشتبەستوی جەماوەری دەتوانێت سەرەتای کۆتایی پێهێنانی پرسی دەستێوردانی وڵاتانی ناوچەکە و دوبارە پێناسەکردنەوەی پەیوەندی هەرێم بە بەغداشەوە، بێت.

٢٤ تەموزی ٢٠٢٢

# ئایا جۆبایدن لەسەفەرەکەیدا سەرکەوتو بوو؟

مستەفا باهیر

لە ناوەراستی مانگی تەموزی ئەمساڵدا "جۆ بایدن" سەرۆکی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا سەفەری رۆژهەڵاتی نێوەراستی کرد. سەرەتا سەردانی ئیسرائیلی کرد و پاش ئەوەی کە "مەحمود عەباس"ی لە فەلەستین بینی، لە تەلئەبیبەوە راستەو خۆ بەرەو سعودیە سەفەری کرد. بەمەش " بایدن" بوو بەیەکەمین کەس کە لە تەلئەبیبەوە بەفڕۆکە راستەوخۆ بچێتە سعودیە. لەدوای ئەم سەفەرەی "بایدن" هێڵی گواستنەوەی فرۆکەوانی نێوان ئیسرائیل و سعودیە دەستی پێکرد کە لەوەوپێش نەبوو، بەهۆی ئەوەی سعودیە دەوڵەتی ئیسرائیلی بە فەرمی نەناسیوە . سەفەرەی "جۆبایدن" بۆ رۆژهەڵاتی نێوەراست بۆتە جێگای قسەوباسی کەناڵەکانی راگەیاندن وهەر دەوڵەتە و هەر لایەنە لەگۆشەنیگای جیاوازەوە لەسەر ئەم سەفەرە دەدوێن. بەشێک پێیانوایە ئەم سەفەرەی بایدن پەیوەندی بە پرسی وزەو رێژەی بەرهەمهێنانی نەوتەوە هەیە. بەشێکی دیکە پێیوایە بۆکۆکردنەوەی بەرەیەکی دژ بە ئێرانە لەناوچەکەدا تاوەکو سنورێک بۆ نفوزی ئێران دابنێن و رێگانەدری ببێتە خاوەن چەکی ئۆتۆمی. بەشێکی دیکەش پێیانوایە بۆ پشتیوانی ئیسرائیلەو هەندێکیش پێیانوایە بۆ ئەوەیە ناتۆیەکی عەرەبی دروست بکات تا وەک هێزێک بەرامبەر بە روسیا و چین لە ناوچەکەدا بوەستێنەوە.

لە ناوخۆی ئەمریکاشدا مشتوومڕی زۆر لەبارەی سەردانەکەوە دەکرێ، بەڵام بۆچوونێکی باو کە دەخرێتەروو ئەوەیە کە "ئیدارەی بایدن بەهۆی قەیرانی وزەوە ناچاربووە روو لە سعودیە بکات، ئەمەش کاتێکی هەڵەیە بۆ ئەم سەردانە ، چونکە ئەمریکا ناتوانێت لەم کاتەدا ئەو ئامانجەی بپێکێت."

هەر لەم بارەیەوە راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا، دەڵێت " بایدن وڵاتانی ناوچەکە بۆ زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت هاندەدات. هەروەها روانگە و ستراتیجیی خۆی بۆ پەیوەندییەکانی ئەمریکا و رۆژ هەڵاتی نێوەراست دەخاتە روو".

ئەوە دروستە لە ئێستادا نەک تەنها ئەمریکا، بەڵکو ئەورووپاو هەموو جیهان بەهۆی شەڕی نێوان روسیاو ئۆکراینا توشی قەیرانی وزە و بەرزبونەوەی نرخی کاڵاکان بوەتەوە، روونە کە ئەمریکاش لەو بارەیەوە نیگەرانی هەیە، بەتایبەتی لەسەر بەرزبونەوەی نرخی نەوت و گاز. بێجگە

لەمانەش ، چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران ، نیگەرانی گەورەی بۆ حکومەتی ئەمریکا دروستکردووە. بەڵام بەڕای من ئەمانەهەموی گریمانەن و دەکرێت بایدن لەسەفەرەکەیدا لەسەر ئەم بابەتانە قسەوباسی کردبێت، بەڵام ئەوەی کە خاڵی جەوهەریە لەسەفەرەکەی بایدندا بەرئەنجامی دۆخێکە کە ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وجیهان بەگشتی تێکەوتوە. ئەمریکا لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست توشی شکستێکی گەورە بووە. لە زۆربەی ناوچەکان ناچار بە پاشەکشەکردن کراوە. هەربۆیە کۆشکی سپی بایەخێکی کەمتری بە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەدا. بەڵام شەڕی ئۆکرانیا و دروستبوونی قەیرانی وزەو دەرکەوتنی هێزی تر لەناوچەکەدا، کۆشکی سپی و بایدن ی ناچارکردوە کە سواری فڕۆکە ببێت و ڕوو لە سعودیەو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکات. هەموو ئەو ڕەخنانەشی کە پێشتر لە حکومەتی سعودیەی دەگرت دەربارەی پرسی مافی مرۆڤ، پشتگوێ بخات و هەوڵبدات لە زوترین کاتدا ئەو بۆشایەی کە ئەمریکا دروستی کردوە پڕبکاتەوە. هەروەک بایدن لە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی لە تەلئەبیب بە ڕوونی ووتی ئەم ناوچەیە جێناهێڵین بۆ ڕوسیاو چین.

بەگشتی دەتوانین بڵێن ئامانج لە سەفەرەکەی سەرۆکی ئەمریکا ، دانی پەیامێکە بە سەرکردەی وڵاتانی ناوچەکە، کە ئەمریکا بەردەوام دەبێت لە ڕۆڵی پێشەنگانەی خۆی لە ناوچەکە و هیچ بۆشاییەک بۆ چین و ڕوسیا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست جێناهێڵێت. ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گرنگە و لە پێشینەیە بۆ ئەمریکا. هەروەها دەیەوێت پێیان بڵێت ئێوە هێشتا بۆ ئەمریکا گرنگن و پێویستە ئێوەش لە ڕوو بەڕوو بوونەوەی قەیرانە جیهانییەکاندا لە نێویاندا پرسی وزە و ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی چین و گرژییەکان لەگەڵ ڕوسیا و هەروەها لەئاستی سیاسەتی ئەمریکا بۆ ناوچەکە پشتیوانی ئەمریکا بکەن.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بایدن لەم سەفەرەیدا دەتوانێت سەرکەوتوو بێت؟ ئایا دەتوانێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوەو کە خۆی دانی پێدادەنێت و ڕێگا بگرێ لە پەرەسەندنی نفوزی چین و ڕوسیا لە ناوچەکەدا؟! ئایا دەوڵەتانی ناوچەکە ئامادەن هێلکەکانی خۆیان وەکو جاران بخەنە ناو سەبەتەی ئەمریکاو بەرژەوەندیەکانیەوە لەناوچەکەدا؟!

ئەگەر بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لە شێوازی پێشوازیکردن لە بایدنەوە دەستپێبکەین دەبینین کە پێشوازیەکی ساردو سڕبوو، ئەوانەی بۆ پێشوازی بایدن هاتبوون پارێزگاری مەککە و باڵیۆزی سعودیە بوون لە واشنتن. تیمی پێشوازیکەران لە سەرۆکی ئەمریکا سەرەڕای ئەوەی کە "بایدن" یان بۆ ماوەیەک لە ناو فڕۆکەکەیدا بەچاوەڕوانی هێشتەوە، بەهۆی ئامادەنەبونی پەیژەی دابەزین لە فڕۆکەکەدا. بەڵام ساڵی ٢٠١٧ کاتێک دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا سەردانی ڕیازی کرد، شا سەلمان خۆی چووە فڕۆکەخانە و بەسەر فەرشی سووردا تاوەکو لای پەیژەی فڕۆکەکە بە پیریەوە چوو. ئەوە بێجگە لەوەی "محەممەد بن سەلمان"، شازادەی جێنشینی سعودیە، لەکۆشکی سەلام لە جەددە کاتێک پێشوازی لە بایدن کرد، تەنیا بە لێکدانی مشتەکانیان سڵاوی یەکدیان کرد و تەوقەیان نەکرد، بەڵام هەر لەو لوتکەیەدا شازادە "محەممەد بن سەلمان" خۆی پێشوازی لە سەرۆکی وڵاتەکانی تر کردوو زۆربەیانی لەئامێز دەگرت.

لە لایەکی ترەو بەهۆی ئەوەی سعودیە گەورەترین وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوتە لە ناوچەکەدا، ئەمریکا داوای لێدەکات کە ڕێژەی هەناردەی بەرهەمی نەوتی زیاتر بخاتە بازاڕەوە تاوەکو نرخی سوتەمەنی لە جیهاندا دابەزێت. بەڵام بەرپرسانی سعودیە بەڕوونی ڕایانگەیاند کە لە ساڵی ٢٠٢٧ دا بڕی نەوتی هەناردە کراو دەکەن بە ١٣ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا وە تا ئەو کاتە ناتوانن هیچ بڕێکی تر زیاد بکەن، بە بیانوی ئەوەی کە پابەندەبن بە بڕیارەکانی ئۆپێک و ئۆپێک پلەس کە ڕوسیا تیایدا ئەندامە.

دەربارەی ئەوەی کە ناتۆیەکی عەرەبی دروست بکات لە ناوچەکەو وڵاتە عەرەبیەکان لەگەڵ ئیسرائیل پێکەوە هاوکاری سەربازی بکەن ، ئەمەش زۆر ئەستەمە، چونکە لەناوچەکەدا کۆمەڵێک کێشەی گەورە هەیە تاوەکو ئێستا بەبێ چارەسەر ماوەتەوە وەک کێشەی فەلەستین،کێشەی یەمەن و...هتد. تاوەکو ئەو کێشانە چارەسەر نەکرێت بەتایبەتی کێشەی فەلەستین هیچ دەوڵەتێکی عەرەبی ناتوانێت لەگەڵ ئیسرائیل پەیمانانەی سەربازی دروست بکات. یەکێک لەو دەوڵەتانە کە ئەمریکا بە دۆستی نزیکی خۆی دادەنێت عێراقە، بەڵام لەو بارەیەوە "مستەفا کازمی" ، سەرۆکوەزیرانی عێراق، پێش بەرێککەوتنی بۆ سعودیە، تێڕوانینی خۆی بۆ لووتکەکە دەربڕی و گوتی، "عێراق ناتوانێ بچێتە پاڵ هیچ بەرەیەک و هیچ هاوپەیمانێتییەکی سەربازی و هەر بەرەیەکی دیکە. هەروەها عێراق ناتوانێ ببێتە پێگەیەک بۆ هەڕەشەکردن لە هەر وڵاتێکی دراوسێ.. هەڵوێستمان بەرامبەر پرسی فەلەستین ڕوونە؛ هیچ شتێکیش نییە لە لوتکەکەدا بابەتی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل تاوتوێ بکات. لەگەڵ ئەمریکیەکان ڕێککەوتنی نێوانمان تاوتوێ دەکەین کە لە ڕێککەوتنی ستراتیژییدا لەبارەیەوە ڕێککەوتووین."

بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین کە بایدن لەم سەفەریدا سەرکەوتوو نەبوو. نە یتوانی سعودیە ناچاربکات کە بڕی بەرهەم هێنانی نەوت زیاد بکات، نە دەتوانێت ناتۆیەکی عەرەبی لەناوچەکەدا دروست بکات. مەلەفی ئەتۆمی ئێرانیش زیاتر لەژێر دەستی وڵاتە

# هێرش و پەلاماری دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بۆ سەر هاوڵاتیانی سیڤیل ڕسوا و سەرکۆنە دەکەین!

ئەمڕۆ ٤ شەممە، ٧\٢٠ جارێکی تر ڕژێمی تورکیا ناوچەیەکی گەشتیاری لە پەرەخ لە سنوری زاخۆ تۆپباران کرد و لە ئاکامدا ٩ کەس کە زۆربەیان گەشتیارن، گیانیان لەدەستداوە و نزیکەی ٣٠ کەسیش بریندداربوون کە برینی ژمارەیەکیان سەختە.

ئەمە یەکەمینجار نییە ڕژێمی تورکیا، لە چوارچێوەی دەستێوەردان و هێرش و ملهوڕیەکانیدا، سنورەکان بۆمباباران دەکات و شوێنی کار و ژیانی خەڵکی مەدەنی دەکاتە نیشانە، بەڵکو هێرش و دەستوەردانە سەربازیەکانی دەوڵەتی تورکیا، بۆتە کارێکی بەردەوام و تا دێتیش فراوانتر و بەرینتر و دڕندانەتر دەبێت. ئەمەش نەک تەنها لە ناوچە سنوریەکان، بەڵکو لە قوڵایی کوردستاندا و لە زۆربەی ناوچەکاندا، هەر لە زاخۆوە بۆ شەنگال و لە کەلار و کانی ماسییەوە، بۆ قادر کەرەم و مەخمور و تا دەگاتە ناوجەرگەی شارەکان ئۆپەراسیۆن دەکات و لە ڕێگای باندەکان و فڕۆکەی بێفرۆکەوانەوە، ئۆپۆزیسیۆنی تورکی دەکاتە نیشانە. لە ئاکامی ئەم هێرشانەیدا تا ئێستا بە سەدان کەس لە هاوڵاتیانی سڤیل گیانیان لە دەستداوە و نائەمنی بەسەر شوێنی کار و ژیانیاندا زاڵکراوە. هاوڵاتیانی چەندین گوندیش ناچاربوون شوینی کار و ژیانیان بەجێ بهێڵن و بە دەیان کادر و بەرپرس و لایەنگری هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی تورکیاش تیرۆرکراون.

هێرش و پەلامارەکانی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا هەر پاساوێکی هەبێ تەنها لە پێناو فراوانکردنەوەی ناوچەی نفوز و دەسەڵاتی خۆیدایە لە ناوچەکەدا. بە تایبەتی لە هەلومەرجی ئێستای دنیا و ناوچەکەدا، تورکیاش ئەم یاریە گڵاوە لەگەڵ دەوڵەت و هێزە جیهانیەکاندا دەکات و لەو پێناوەشدا ئامادەیە گیانی سەدان و هەزاران خەڵکی مەدەنی بکاتە قوربانی و ژیانیان لە فەزای عەسکەرتاریەتدا ڕابگرێ. تاوانە ئاشکراکانی ئەم دەوڵەتە هەوسار بچڕاوە فاشیستیە بەردەوام بەبەرچاوی هێزەکانی ئەمریکا و دەزگایەکی نێودەوڵەتی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان و هەردوو حکومەتی مەرکزی و هەرێمەوە ڕوودەدا و هەرجارەش کارەساتێکی لێدەکەوێتەوە. بەڵام ئەوە هەر ئەم لایەنانەن کە لەبەر بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەگەڵ تورکیادا و هاوکات بەهۆی ئەو فشەڵی و قەیرانەی کە دەسەلاتەکەیان تێیداچەقیوە بەهیچ شێوەیەک نەیانتوانیوە سەروەری سنورەکانیان بپارێزن و هەمیشە دەمداچەقیوانە و ڕووکەشی و شەرمنۆکانە سەرکۆنەی دەستدرێژیە سەربازیەکانی تورکیایان کردووە. تەنانەت خودی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانیش جگە لە ئامۆژگاریەکی دۆستانە هیچی تریان بە دەوڵەتی تورکیا نەووتووە.

بەڵام ئەوەی لە بەرامبەر هێرشەکانی ئەمجارەی تورکیادا، وەک خاڵێکی ئومێدبەخش خۆی نیشانداوە کاردانەوەی فراوانی جەماوەری نارازیە لەسەر ئاستی عێراقدا. لەوانەش لە شاری بەغدا ئاڵای تورکیا لەلایەن خەڵکی نارازیەوە لەسەر باڵیۆزخانەی تورکیا هێنراوەتە خوارەوە و خواستی چاوخشاندنەوە و کۆتاییهێنان بە پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عێراق بە تورکیاوە بەرزکراوەتەوە. هاوکات لە ژێر گوشاری و کاردانەوەی خێرای جەماوەردا، بەرپرسە سیاسییەکان و کوتلە سیاسیەکان، بۆ خوڵکردنە چاوی جەماوەری عێراق و کوردستانەوە خەریکی لێدوان وهەڵوەراندنی فرمێسکی درۆینەن، کە ئامانجی سەرەکیان خاوکردنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و خۆهەڵواسینە بە توڕەیی جەماوەرەوە.

لە کوردستانیش بەرپرسەکانی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، بەخێرایی چەندین لێدوان و راگەیاندنیان بڵاوکردەوە، کە پەکەکە بە تۆمەتبار و سەرچاوەی سەرەکی تۆپبارانەکە دەزانن و باسی دڕندەیی و ملهوڕی دەوڵەتی تورکیا ناکەن و شانی خۆیان لە بەرپرسیاریەتی خاڵی دەکەنەوە و ئاراستەی دەسەڵاتی مەرکەزی دەکەن.

ئێمە لە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لە کاتێکدا سەرەخۆشی خۆمان بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەم هێرشەی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا دەردەبڕین و هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین، هاوکات بە توندی ئیدانەی لەشکرکێشی و ملهوڕی و بۆردمانەکە دەکەین و داوا لە جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان دەکەین لە ڕیزێکی سەربەخۆدا بەرامبەر بە دەستدرێژیە سەربازیەکانی تورکیا ڕابوەستنەوە. ئەوە تەنها ڕیزی یەکگرتووی جەماوەری نارازیە کە دەتوانێ سنورێک بۆ دەستدرێژیەکانی دەوڵەتی تورکیا دابنێ و ئارامی و ئاسایش لە شارەکانی کوردستاندا زامن بکا.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٢٠ تەموزی ٢٠٢٢**

---

ئەورووپیەکانە. هەروەها ڕوسیاو و ئیران بەهێزی میلیتاری لە زۆربەی دەولەتانی ناوچەکە بونیان هەیە. کاڵای "چین -"یش بوەتە کاڵای سەرەکی لەو ناوچەیە. هەر بەدوای تەوابوونی لوتکەی کەنداو، وولاتانی بەشدار نەرمیان بەرامبەر بە ئێران دەربڕی و لایەنگری چارەسەری ئاشتیانەی پرسی ئەتۆمی ئێران بوون! هەربۆیە پێناچێت ئەمریکا وا بەئاسانی بتوانێت ئەو بۆشایەی کە لەناوچەکە بۆی پێکهاتوە، پڕبکاتەوە.. هەربۆیە بە دڵنیایەوە دەتوانین بڵێن "جۆ بایدن" لەسەفەرەکەیدا فەشەلی کردوە.

**٢٢ی تەموزی ٢٠٢٢**

# ئەم یان ئەو!

# بێدەنگی مانادارى کوردایەتی لەبارەی کوشتارەکەی تورکیاوە!

ئیبراهیم حسین

دەوڵەتی فاشسیتی بۆرژوازی تورکیا، جارێکی تر لە هێرشێکی موشەکیدا لە قولایی کورستاندا کوشتاری ئەنجامدا.

وەک هەمیشە بۆرژوازی حاکمی کوردایەتی لە هەولێر و سلێمانی بۆئەوەی بتوانێ بێدەنگی خەجاڵەتئاوەری خۆی بێدەریسەر تێپەڕێنێ و تەنانەت تەکلیفی پەلەقاژەیەکی ترسنۆکانەش لەسەر خۆی لابەرێ و بە ئابڕووچونێکی کەمتر ئەم شەرمەزاریە سیاسیە تێپەڕێنێ، پەنایبردە بەر بۆرژوازی ناوەند.

هەڵوێستی سەرۆکی حکومەتیان، سەرۆکی پەرلەمانیان و سەرۆکی کوردستانیان، هێشتا هەر لە گیرفانی خۆیاندایە تا بەڵکو شتێک رووبدات و هەرچۆنێک بووە ئەم کابوسە تەواو بێت و ببرێتەوە. هەڵوێستی ئەم جەنابانەی کە نازناوی سەرۆکی وڵات و حکومەت و پەرلەمانی کوردستانیان هەڵگرتووە، ئەوەیە کە هیچ نەڵێن. چونکە ئەگەر شتێک بڵێن دەبێ یەکێک هەڵبژێرن ئازاری بدەن. یان دەوڵەتی ئۆردوغان یان ئازاردانی خەڵکی هەر ئێستا تورە و بێزاری کرێکار و زەحمەتکێش لە دهۆک و هەولێر و سلێمانی. یان دەوڵەتی ئۆردوغان کە لەگەڵیاندا دەستیان لە گیرفانی چینی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستاندا بووە، شەریکیان بوون لە بە تالانبردنی خێر و بێری بازاڕی کاری هەرزان و سەرکوت و کۆنەپەرەستی سیاسی و ونەوت و سەرچاوەکانی پێویست بۆ ژیانێکی خۆشبەخت و خۆشگوزەران، برەنجێنن. یان خەڵکی کرێکار و بێبەشی کوردستان کە هەر ئێستا لە ئارەزوی تێپەڕین و رزگاربوون لەو یاری خێوی شەوەی بۆرژوازی کوردایەتیدا دەژین، برەنجێنن.

ئەوەی گومانی تێدا نیە ئەوەیە ئەوان لە نێوان ئەو دوو بژاردەیەدا دەمێکە و هەر لەبنەرەتەوە هەڵبژاردنی خۆیان کردوە و براوەتەوە. لە شەڕ و جەنگی چینایەتیدا بەشێکن لە کەمپی ئۆردۆغان و نەک هەر حازر نین بیرەنجێنن، نەک هەر ئامادەن خەجاڵەتی بێدەنگی و سەرکزکردن لەبەرامبەر دەوڵەتی تورکیا قبوڵ بکەن، بەڵکو ئامادەن تەنانەت بە چەک و هێزی میلیشیا دەمی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش دابخەن تا ئەوانیان لێ نەرەنجێ.

ئێمە ، کۆمۆنیزم و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وتبومان بۆرژوازی کوردایەتی، تاڵەبانی و بارزانی ئامادەن کۆمەڵگەی کوردستان بگۆڕن بە وێرانەو جوغرافیەکی سەرگەردانی بێحەق و حیسابی کاری هەرزان و بێمافی حاکمیەت کە هەر کۆنەپەرەستیەکی بۆرژوایی ناوچەکە دەتوانێ یاری بە موقەدەراتی دانیشتوانەکەی بکا.

تاوانی دوایی دەوڵەتی تورکیا و هەر ساتێکی ئەم شێوە پەست و نائومێدکەرەی ژیان کە چینی کرێکار و بێبەشانی کومەڵگەی کوردستان لە سایەی ئەم حاکمیەتە چینایەتیە پوچەی کوردایەتیدا تێیدا گرفتار بوون، گەواهی دروستی تێگەیشتن و بانگەوازی جولانەوەی ئێمە بوو. گەواهی ئەوەبوو کە جولانەوەی چینایەتی ئێمە لەسەر حەق بوو.

ئەم دەعوایە کۆتایی نەهاتووە و نەک هەر رزگاری لەم دەسەڵات و دەوروودوکانە چینایەتیە، نەک هەرسەرکەوتنێکی سیاسی چەپ و ئازادیخوازانە بەسەر کوردایەتی و ئیسلامی سیاسی لە کوردستان و ناوچەکەدا، بەڵکو تەنانەت کۆنترۆڵکردن و لەسەرشوێندانانەوەی ئەم کۆنەپەرەستیە و بەرگریکردنێکی سەربەرزانە لەموقەدەراتی خۆ، لە کەرامەت و حورمەت و ئازادی خۆی، لە گرەوی بەهێزکرنی کۆمۆنیزم و خستنەسەرڕێی قوتبێکی بە هێزی سۆسیالیستی کرێکاریدایە. ئەمە تاقە شانسی چینی کرێکار و کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمڕۆیە بۆ رزگاری و ژیانێکی ئازاد و بەختەوەر.

★

**کۆتایی هێنان بە دەستێوەردان و تاوانەکانی دەوڵەتانی ئێران و تورکیا بەرامبەر بە خەڵکی مەدەنی کوردستانی عێراق بەندە بە توندکردنەوەی خەبات دژی دەسەڵاتدارانی هەرێم کە بە خۆشخزمەتیان بۆ ئەو دەوڵەتانە خەڵکی کوردستانیان خستۆتە ناو گێژاو و کارەساتی یەک لەدوای یەکەوە، بە ئاقاری لە دەسەڵات خستنیان و دامەزراندنی دەسەڵاتدارێتی جەماوەری و دابینکردنی ئاسایش و ژیان بۆ دانیشتوانی کوردستان!**

# بنەماکانی پێویستیی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە:

## بەشێک لەبەڵگەنامەی" مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە".. پەسەندکراوی کۆنگرەی (٥)

* کۆمەڵگەی مۆدێرنی کوردستان، وەکو کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری، تیایدا جیاوازی چینایەتی نێوان چینی سەرمایەدار و چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدە، بەوپەڕی خۆی گەیشتوە. ناکۆکی نێوان ئەم دوو چینە، ناکۆکی سەرەکی کۆمەڵگەیە و سەرجەم کێشە و ناکۆکییەکانی تر لە دەوری ئەمە تەوەرەیان بەستوە. لەماوەی ٣٠ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا-ناسیونالیستەکان، وەکو نوێنەر و دەسەڵاتی چینی بۆرژوازی کورد ڕۆڵی خۆی گێڕاوە و لەسایەیدا کەمایەتییەکی کەم لەسەر حسابی چەوساندنەوەی چینی کرێکار و سەپاندنی هەژاری و نەداری و کوێرەوەری بەسەر زۆربەی هەرە زۆری دانیشتواندا، بوون بە میلیاردێر و لەناو سەروەت و ساماندا نوقم بوون. لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمڕۆ لەڕووی پەرەسەندنی ئابووری و پیشەسازی و بەهرەمەندبوونی لە سەروەت و سامانێکی زۆرەوە، زەمینە بابەتییەکانی بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی تیادا فەراهەم بووە کە لە سایەیدا هەموان خۆشگوزەران بژین. ئەمانە چینی کرێکار و بزووتنەوەکەیانی کردوەتە هێزی بنەڕەتی بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و شۆڕشی کۆمەڵایەتی ئەم چینەیان کردوەتە کارێکی پێویست و دەستبەجێ و لە ڕووی بابەتیشەوە مومیکن.

* لە کوردستان، وەکو مەڵبەندێکی کاری هەرزان، پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی لە بارودۆخێکی ئیمپریالیستانەی (مۆنۆپۆڵی) پەیوەندی نێوان کار و سەرمایەدا بەڕێوەدەچێت. لەم چوارچێوەیەشدا کوردستان مەیدانێکە بۆ ڕووتێکردنی کۆمپانیا و سەرمایەی دەرەکی و بەرهەمهێنانی زێدەقازانج لەسەر بناغەی چەوساندنەوەی لەڕادەبەدەری چینی کرێکار و بێبەشکردنیان لە خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری و بیمە کۆمەڵایەتییەکان و ئازادی سیاسی و مافە سەرەتاییەکان. سەرخانی سیاسی ئەم بارودۆخە بە ناچاری سەرکوت و ملهوڕیی سیاسییە، بە مەبەستی خامۆشکردنی چینی کرێکار و ڕاگرتنی نرخی هێزی کار لە هەرزانترین ئاستدا. بێگومان دۆخێکی ئاواش قازانجی هەموو بەشەکانی بۆرژوازی لەخۆیدا هەڵدەپێکێ و ڕەوتی ڕیفۆرمخوازی و سیستەمی دیموکراتی بۆرژوازی لە کوردستاندا دەکاتە یۆتۆپیا. بۆیە بەدیهێنانی ئازادی و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەخاتە گرەوی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەوە.

* کارنامەی ٣٠ ساڵی دەسەڵاتی حزبە ناسیونالیستەکان، بە جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخوازی نیشانداوە کە ئەو دەسەڵاتەی ئەم حزبانە بەناوی دەسەڵاتی خەڵک و سەرچاوەگرتوو لە ئیرادەی ئەوانەوە پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن، نەک هەر دەسەڵاتی خەڵک نیە، بەڵکو لەسەر بناغەی پێشێلکردنی ئیرادە و مافەکانی ئەوان دامەزراوە. ئەم کارنامە ٣٠ ساڵییە شتێک نیە جگە لە بردنی کۆمەڵگە بۆ ناو شەڕ و کوشتاری کۆنەپەرستانەی ناوخۆیان لەسەر دەسەڵات، بوونیان بەپاشکۆی زلهێزە جیهانییەکان و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و ڕاپێچکردنی کوردستان بۆ ناو سیناریۆ تەڵخەکان، گەندەڵی و تاڵان و بڕۆیی بێسنووری داهاتی کۆمەڵگە، سەرکوتی ئازادی و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و نەیارانی سیاسی دەسەڵات، تیرۆر و ڕەشەکوژی بەربڵاوی ژنان و □ تاد. ئەمانە بوونە زەمینە و بنەماکانی پەرەگرتنی ئەو بزووتنەوەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییە کە لە ١٧ی شوبات و خرۆشانە جەماوەرییەکانی دیکەدا بە دروشمی "بڕوخێ" و بەدەنگی بەرز "نا" وتن بەم دەسەڵاتە پێی ناوەتە مەیدانەوە. هەرچەندە بەردەوام ئەم بزووتنەوەیە سەرکوت کراوە، بەڵام خواست و ئامانجەکانی بەهێزی خۆیەوە ماوەتەوە و بەردەوامیش بەرەو قووڵبوونەوە و ڕادیکاڵبوونەوەی زیاتر ڕۆیشتوە و پێویستیی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەی ئەم هەلومەرجەی نەک هەر بۆ چینی کرێکار، بەڵکو بۆ هەموو جەماوەری ستەمدیدە بەرجەستە کردوە.

* دەسەڵاتی میلیشیایی ئێستا کە گرفتاری بنبەستێکی سیاسی و ئابوورییە، لە جەرگەی قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووری و لێکترازانی ڕیزەکانی چینی دەسەڵاتداردا، توانای وەڵامدانەوە و چارەسەری کێشەکانی پەیوەست بە ژیانی خەڵکی نیە، ئەمەش وەکو فاکتەرێک جەخت لەسەر پێویستیی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە دەکاتەوە.

* ئەزموونی چەندین ساڵی ڕابردووش بە کردەوە ئەو ڕاستییەی سەلماندوە کە ئەم دۆخە دژوارە و ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ و ستەمکارە چاکسازی و پینەوپەڕۆ هەڵناگرێت. لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەندین لایەنی بۆرژوا-ناسیۆنالیست و ئیسلامی ناڕازی بە دروشمی چاکسازییەوە، هاتنەمەیدان. بۆ دەورانێک خۆیان سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی جەماوەر کرد. برەویان بەو خۆشباوەڕییە دا کە گوایە دەکرێت لە ڕێگای سندوقەکانی گاڵتەجاڕیی بەناو هەڵبژاردن و خەباتی پەرلەمانی و گۆڕینی دەموچاوەکانەوە، ئەم دەسەڵاتە چاکسازی بکرێت و دۆخی مەینەتباری ئێستا چارەسەر بکرێت. بەڵام ڕەوتی بابەتیی ڕووداوەکان نیشانیدا کە بانگەشەی چاکسازی تەنها پڕۆژەیەکە بۆ درێژەپێدانی دۆخی ئێستا و داشکاندنی ئامانجەکانی جەماوەری ناڕازی و کردنی بەدەستمایەی سەودا بۆ شەریک بوونەوە لە دەسەڵات.

* * *

لەسەر بناغەی ئەو فاکتۆرانەی سەرەوە، دەرهێنانی کۆمەڵگەی کوردستان لە گێژاوی ئێستا و گێڕانەوەی ئیرادە بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی بزووتنەوەی جەماوەری، تەنها لە ڕێگای ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانەوە مەیسەر دەبێت. ئاڵوگۆڕێک کە لە پرۆسەی شۆڕشی بەردەوامدا کۆمەڵگە بەرەو سۆشیالیزم ئاڕاستە دەکات.

★